*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.2, 2024, Pages (160-182)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.2.8**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Appropriate Age for Learning the Second Language in The Educational Process

**Assistant Lecture: Rizgar Esmail Kareem***
**Department of Kurdish Language - College of Language – Salaheddin University**
**rizgar.kareem@su.edu.krd**

**&**
**Prof. Dr. Sajida Abdullah Farhadi**
**Department of Kurdish Language - College of Language – Salaheddin University**
**Sajida.farhad@su.edu.krd**

**Received:** 14/5 / 2023, **Accepted:** 20 / 6 /2023, **Online Published: 29 / 2 / 2024**

## Abstract
Second Language is the language the learner learns at an older age, i.e.; after the first language. The source of that language can be school, home, society, etc. However, learning this language (second language) should not be based on the mother tongue (which is called language transfer), because the mother tongue is an effective source of interference to Learning the second language.

* **Corresponding Author**: Rizgar Esmail**, Email:** rizgar.kareem@su.edu.krd
**Affiliation**: Salaheddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

Therefore, learning the second language is a process that an individual learns at an older age. From this perspective, what is discussed here is the determination of the age level of second language learning in the educational process. This study seeks to answer the question “what is the appropriate age for children to learn the second language in their learning stage?”. In light of this question, the study discusses the consequences and dimensions of age-related second language learning in the educational process according to the descriptive-analytical approach. The study consists of three chapters. The first chapter is the methodology of the study. While, the second chapter is dedicated for introducing and explaining the terms. The third chapter discusses the determination and type of age level of second language learning by children. Finally, the study reached several important conclusions, with reference to the used sources.

**Key Word :** mother language, second language, learning and learning language, educational language

## السن المناسب لتعلم اللغة الثانية في العملية التربويه

مدرس المساعد: رزگار اسماعيل كريم

**قسم اللغة الكردية - كلية اللغات - جامعة صلاح الدين**

الاستاذة. د: ساجيده عبدالله فرهادي

**قسم اللغة الكردية - كلية اللغات - جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

اللغة الثانية؛ هي اللغة التي يتعلمها المتعلم في سن أكبر، أي؛ بعد اللغة الأم ، ومصدر تلك اللغة هو المدرسة والمنزل والمجتمع وما إلى ذلك ، ولكن تعلم هذه اللغة (اللغة الثانية) لا ينبغي أن يكون على حساب لغة الأم ، لأن اللغة الأم مساعدة جيدة لتعلم اللغة الثانية.

لذا؛ تعلم لغة ثانية هو عملية يتعلمها الفرد في سن أكبر، من هذا المنطلق ما يناقش هنا هو تحديد المستوى العمري لتعلم اللغة الثانية في العملية التعليمية، بحيث تسعى هذه الدراسة للإجابة على هذا السؤال، ما هو العمر المناسب للأطفال لتعلم لغة ثانية في المدرسة؟ في ضوء هذا السؤال تناقش الدراسة نتائج وأبعاد تعلم اللغة الثانية المرتبطة بالعمر في العملية التعليمية وفق المنهج الوصفي التحليلي، وتتكون الدراسة من ثلاثة مباحث: في المبحث الأول يتناول منهجية الدراسة، والمبحث الثاني مخصص لبيان التعريفات وشرح المصطلحات، وفي المبحث الثالث يناقش تحديد نوع المستوى العمري لتعلم اللغة الثانية للأطفال، وفي النهاية توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات مهمة ، مع الإشارة إلى ذكر المصادر المستخدمة.

**الكلمات الدالة:** لغة الأم، اللغة الثانية، تعلم اللغة، اللغة التربوية.

# تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم لەپرۆسەی پەروەردەدا

(هەڵێنجراو – مستل)

**م.ی. رزگار ئیسماعیل کەریم**

و

**پ.د. ساجیدە عبدوڵلا فەرهادی**

بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سەڵاحەددن – هەولێر

کلیلە وشە: زمانی دایك ، زمانی دووەم ، فێربوونی زمان، زمانی پەروەردەیی

**پوختەی توێژینەوەکە:**

زمانی دووەم ئەو زمانەیە فێرخواز لەتەمەنێکی گەورەتر، واتە؛ لەدوای زمانی دایك وەریدەگرێت و فێری دەبێت، سەرچاوەی ئەو زمانەش بریتیە لە: (قوتابخانە ، ماڵ ، کۆمەڵگە ، ....هتد)، بەڵام فێربوونی ئەم زمانە (زمانی دووەم)، نابێ لەسەر بنەمای زمانی دایك بێت، چونکە زمانی دایك یارمەتیدەرێکی باشە بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

کەواتە؛ فێربوونی زمانی دووەم پرۆسەیەکە لە تەمەنێکی گەورەتر تاك فێری دەبیت، لەم ڕوانگەیەوە؛ ئەوەی لێرەدا تاوتوێدەکریت، دیاریکردنی ئاستی تەمەنە لە فێربوونی زمانی دووەم لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێت، ئایا چ تەمەنێك گونجاوە بۆ منداڵ بۆئەوەی فێری زمانی دووەم لە قۆناغی خوێندنیدا ببێت ؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارە، توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (وەسفی – شیکاری)، لێکەوتەو ڕەهەندەکانی فێربوونی زمانی دووەم پەیوەست بەتەمەن لە پرۆسەی پەروەردەدا، تاوتوێدەکات، بۆئەم مەبەستە؛ توێژینەوەکە لەسێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم؛ بریتییە لە میتۆدنامەی توێژینەوەکە، بەشی دووەمیش، بۆ ناساندن و ڕوونکردنەوەی زاراوەکان تەرخانکراوە، لەبەشی سێیەمیشدا؛ باس لەدیاریکردن و جۆری ئاستی تەمەن لەفێربوونی زمانی دووەم لەلایەن منداڵەوە، دەکات.

## بەشی یەکەم: میتۆنامەی توێژینەوەکە:

### (1-1) ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: (تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم لە پرۆسەی پەروەردەدا). توێژینەوەکە؛ هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنی شیاو لەفێربوونی زمانی دووەمدا، ئەمەش؛ لە چوارچێوەی بواری (زمانەوانی کارەکی) تاوتوێدەکرێت.

**(2-1) ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە.

**(3-1) ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:**

- گرنگیدان بەزمانی دایك لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن.
- دیاریکردنی تەمەنی شیاو و زانستی بۆ خوێندنی زمانی دووەم لای منداڵ لە قۆناغی خوێندندا.

**(4-1) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

- نەبوونی سیاسەتێکی زمانی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لاوازی و سستی زمانی دایك بەهۆی خوێندنی زمانی دووەم، لەقۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەکەم و دووەم)، لە قۆتابخانە ناحکومییەکان (سیستەمی ئینگلیزی)دا.

**(5-1) سنووری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی (زاری کوردی ناوەڕاست)دایە، تیایدا لەسنووری (زانستی زمانەوانی کارەکی) ڕەنگڕێژ دەکرێت.

**(6-1) کێشەی توێژینەوەکە:**

خوێندنی زمانی دووەم پێش زمانی دایك لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لای منداڵ، کێشەوگرفتی سەرەکی توێژینەوەکەیە.

**(7-1) پرسیاری توێژینەوەکە:**

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەوەی، کە ئایا خوێندنی زمانی دووەم لە سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییدا، کاریگەری لەسەر زمانی دایك دەبێت یان نا؟

**(8-1) گریمانەی توێژینەوەکە:**

- خوێندنی زمانی دووەم لای منداڵ لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییدا، کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك دروستدەکات.
- خویندنی زمانی دایك؛ یارمەتیدەرێکی باشە بۆ توانای فێربوون و گەشەی زمانی دووەم.

**(9-1) پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە ئەنجام و سەرچاوەو پوختەی توێژینەوە، لەسێ بەش پێکهاتووە؛

- بەشی یەکەم: ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندو میتۆدنامەی توێژینەوەکە، کەخۆی لە پێشەکی توێژینەوەکە دەبینێتەوە.
- بەشی دووەم: ئەم بەشە بریتییە لە ناساندنی چەمك و زاراوەکان پەیوەست بە توێژینەوەکە.
- بەشی سێیەم: لەم بەشەدا باس لەکاریگەری تەمەنی گونجاو دەکەین لەپرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم و لێکەوتەکانی لەسەر زمانی دایك.

## بەشی دووەم: ناساندن و ڕوونکردنەوەی چەمك و زاراوەکان پەیوەست بە توێژینەوەکە:

### (1-2) زمانی دایك (چەمك و زاراوە):

### (1-1-2) زاراوەی زمانی دایك ( Mother Language)

زاراوەی (زمانی دایك)؛ زاراوەیەکە ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و هەر لەکۆنەوە هەبووە[1]، بەڵام بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازو یەك لەدوا یەکەکان، گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

لەزمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر "زمانی دایك" زاراوەی (Mother Language)[2] ی بۆ بەکاردێت، کە بەواتای ئەو زمانەیەی منداڵ سەرەتا وەریدەگرێت و فێری دەبێت (Longman,1981,p24). لە فەرهەنگی (Oxford)دا، مەبەست لە (زمانی دایك)؛ زمانی یەکەم، یان زمانی ڕەسەنی منداڵە، کە سەرەتا منداڵ لە دایکی وەریدەگرێت (Oxford ,2007,p834). لەزمانی عەرەبیشدا زاراوەی (اللغة الأولى / اللغة الأم)ی بۆ بەکاردێت، کە بەواتای زمانی: (یەکەمین، بنچینەیی) دێت (الکفوی، 1683،ص291). لەزمانی فارسیشدا زاراوەی (زبان مادری)ی بۆ بەکارهاتووە، کە بە واتای (زمانی: (ڕەسەن ، یەکەمین ، بنچینەیی) دێت (زادە، 1391، ص58). لەزمانی کوردیدا لەبەرانبەر زاراوەی (زمانی دایك)، چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکاردێت، وەك: (زمانی شیری، زمانی یەکەم، زمانی زگماك، زمانی خۆماڵی)[3] ، کە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا واتاکانیان لەیەکەوە نزیکە، بەڵام بەفۆڕمی جیاواز دەرکەوتەیان هەیە، بۆ نموونە: لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)دا بەواتای ئەو زمانەی کە منداڵ لە دایکبوونەوە وەریدەگرێت، هاتووە (موکریانی، 1391، ص379). هەروەها لە فەرهەنگی (کوردستان)دا ، بەچەند واتایەك ئاماژەی پێکراوە، وەك: (ڕەسەن، لەبنەوە، لەڕیشەوە) (موکریانی، 2018،ل770).

کەواتە؛ دوای تێڕامان و خوێندنەوەی زاراوەکە لەنێو فەرهەنگ و سەرچاوە جیاوازەکاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم زاراوەیە (زمانی دایك)، زۆربەی واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن و فرەواتان و بۆ چەندین واتای لەیەکچوو بەکاردەهینرێت، کە بەگشتی مەبەست لێی ئەو زمانە ڕەسەنەیە، کە منداڵ سەرەتا لە باوان و دەوروبەری وەریدەگرێت، دواتر بەپێی ژینگەی جیاواز و قۆناغ بە قۆناغ فێری دەبێت، ئەمەش سەردەکێشتێت بۆ چەمك و بونیادی زمانی دایك، بەڵام قوڵتر لەواتا فەرهەنگییەکەی، کە وەك بونیادو شوناسی تاك لەکۆمەڵگە دەناسرێت و دەردەکەوێت.

### (2-1-2) چەمکی زمانی دایك:

زمانی دایك: کە بەزمانی نەتەوە و ڕەسەنیش ناسراوە، یەکەم زمانە، کە منداڵ وەریدەگرێت و فێری دەبێت. بەڵام لەئێستادا چەمکی زمانی دایك زۆر لەوە فراوانترە، کەتەنها مەبەستی ئەو زمانە بێت، کە منداڵ لەباوان و دەوروبەری فێردەبێت، بەڵکو ئەم زمانە (زمانی دایك) هۆکاری کۆمەڵایەتی و ژیرییە و سەرەکیترین هۆکاری گەشەی ئاوازیی و هاوسەنگی هەڵچوونەکانە و ڕوکارێکی بەهێزە لەڕوکارەکانی پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و کەلتوور و پاراستنی کەسێتی و...هتد، (حوسێن،

2015، ل13)؛ لەبەر ئەم هۆكار و تایبەتمەندیانەی سەرەوە، دەبینین لەنێو زمانەوانان و لێكۆڵەر و پسپۆڕان، لەڕوانگەو ڕەهەندی جیاوازەوە، زمانی دایك ناسێندراوە، بۆیە لەخوارەوە هەندێك لەو پێناسە و ڕوانگە گرنگانە دەخەینەڕوو، كە بۆئەم چەمكە (زمانی دایك) كراوە:

"دیڤیدكریستاڵ" لەفەرهەنگی زمانەوانییەكەیدا، زمانی دایك بەزمانی (ڕەسەن)، ناوزەند دەكات و دەڵێت: ((زمانی دایك؛ یەكەم زمانی ڕەسەنی منداڵە، كەبۆیەكەمجار وەریدەگرێت و فێری دەبێت)) (ناوخۆش، 2014، ل207). واتە؛ ئەم زمانە كردەیە كەبەشێوەیەكی نائاگایانە منداڵ بۆیەكەمجار لەدەوروبەری وەریدەگرێت.

لە ئینسكلۆپیدیای زمانناسی "كامبریج"دا بەمشێوەیە پێناسەی زمانی دایك كراوە: ((ئەو زمانەیە، كە تاك فێری دەبێت، هێشتا لەقۆناغی گاگۆڵەدایە، نەك ئەو زمانەی، كە لەقوتابخانە فێردەبێت، یان لەتەمەنی گەورەییدا)) (سەعید، 2013، ل87). لێرەدا دوو ڕەهەندی جیاواز لەنێو ئەم پێناسەیە دەبینرێت، یەكەمیان ئەوەیە؛ ئەم زمانە لەدەرەوەی قوتابخانە وەردەگیریت، واتە؛ پێویستی بە مامۆستا نییە، دووەمیشیان بریتییە لەوەی، كە منداڵ لەتەمەنی بچووكیدا ئەم زمانە وەردەگرێت. لەم ڕوانگەوە "محەمەد رەزا باتینی " دەڵێ: ((ئەگەر منداڵ لەتەمەنی دیاریكراودا فێری زمانی دایك نەبێت، ئەوا لەوانەیە لەداهاتوودا كێشە لە زمانی دایكدا دروست بێت ((باتینی، 2012، ل60). كەواتە؛ تەمەنی دیاریكراو (تەمەنی بچووك) بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی یەكەم زۆر گرنگە و پێویستە لەڕووی هەموو جۆرە زانینەكانەوە بەوردی هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكرێت.

هەروەك پێشتر لە چەمكی زمانی دایك ئاماژەمان بەوەكرد، كە ئەم چەمكە ڕەهەندی فراوانی هەیە و بەزۆر بواری ترەوە پەیوەست دەبێت. لەم ڕوانگەوە "چۆمسكی" لەتێڕوانینی گرنگی خوێندنی بەزمانی دایك، ئەم چەمكە (زمانی دایك) لێكدانەوەی بۆ دەكات و دەڵێت: ((خوێندن بەزمانی دایك ئەنجامی باشی هەیە لەڕووی:دەروونی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، چونكە كەمتر ڕووبەڕووی تەنگەژەی فەرهەنگی دەبێتەوە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستكردن بەبەهای خۆی و هەستكردن بە شوناسی نەتەوەیی)) (https://kurdistankurd.com). لێرەدا "چۆمسكی" پێناسەی زمانی دایك تەنها بەكردەی وەرگرتن و فێربوون نابەستێتەوە، بەڵكو پێی وایە، ئەم زمانە، لەهەر قۆناغێكدا بێ بۆ منداڵ گرنگە، بەتایبەتی كاتێ خوێندنی سەرەتایی بەم زمانە بێت، چونكە بونیادی (كەلتووری و دەروونی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئاوازی و....هتد)، گەشە دەكات و پێی ئاشنا دەبێت.

"محەمەد مەعروف فەتاح" لەڕوانگەی (كردەی بەكەلتوربوون)ەوە، چەمكی زمانی دایك ڕوندەكاتەوە و دەڵێت: ((زمانی دایك یارمەتی تاكەكانی كۆمەڵگە دەدات لەپرۆسەی بەكەلتووربوون و گەشەپێدانی، ئەمەش بەمەبەستی دەوڵەمەندكردنی كەلتووری نەتەوەكە و كۆبوونەوەی هەموو ڕۆڵەكانی نەتەوە لەدەوریدا (فەتاح، 2010، ل357). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە زمانی دایك ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گواستنەوە و گەشەپێدانی كەلتووری نەتەوە.

جگە لەزماننا‌سان، دەبینین ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لێکۆڵەران وزانایانی (مرۆڤناسی و دەروونناسی و دەمارناسی )، تێڕوانین و بۆچوونیان لەبارەی زمانی دایك خستۆتەڕوو:

بۆ نموونە: دەمارنسێکی ئەمریکی بەناوی (ئێریك لینبێرگ) لەساڵی (1960) ئاماژەی بەوەدا، زمانی دایك؛ ئەوزمانەیە" کە لەمنداڵییەوە فێری بووینە لەڕێی توانای خود نائاگایی (سورخی، 2016، ل2)، هەروەها زانای کۆمەڵناس (بەزیل برنستین) ئەوەی بۆ دەرکەوت: ((ئەگەر منداڵ لەشوێنێکەوە بێت، کە زمانەکەی لەگەڵ زمانی فێرگە جیاوازبێت، بۆی هەیە لەخوێندن سەرکەوتوو نەبێت)) (جەعفەر، 2721، ل195). واتە؛ ئەگەر منداڵ ژینگەی (کۆمەڵایەتی وزمانی) بۆ نموونە: بەزمانی دووەم بێت، ئەوا زمانی یەکەمی لەمەترسی دەبێت.

ڕێکخراوی جیهانی "یونسکۆ" لەچوارچێوەی پرۆسەی (فێربوون و فێرکردن)دا، ئاماژە بەگرنگی و ناساندنی زمانی دایك دەکات و دەڵێت: ((شتێکی بەڵگەنەویستە، کە باشترین زمانی فێرکاری لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا زمانی دایکە...)) (حەسەن، 2019، ل229). لێرەدا ئەم ڕێکخراوە ئاماژەیەکی ڕوونمان پیدەڵێت، ئەویش ئەوەیە؛ دەبێ منداڵ قۆناغی سەرەتاکانی خوێندنی بەزمانی دایك بێت.

"بیاجە" لەڕوانگەی لەبەرهەمی لۆژیکی کارەکی" چەمکی زمانی دایك ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: ((منداڵ زمانی دایکی لەدەرئەنجامی لێهاتوویی هەستی و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، لەئەزموونی بەرجەستەکراوەوە بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکت دەگوازێتەوە، ئەمەش دوو گۆڕانی بنەڕەتی لای منداڵ دروستدەکات، یەکەمیان؛ ئەو چەمکانەی بەهۆی هەستەوەرەکانییەوە پەیپێدەبات، درکپێدەکات و لەبارەیانەوە دەدوێت، بەبێ ئەوەی بەرجەستەیان بکات، دووەمیان؛ زەنگینبوون و فراوانبوونی لێهاتوویی زمانی... زیاد دەکات)) (حوسێن، 2021، ل298). لەم تێڕوانینەی (بیاجە) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو منداڵانەی زمانی دایك وەردەگرن و فێری دەبن و بەکرداری دەکەن لەدەوربەرە جیاوازەکان، ئەوا چەندین گۆڕان و لێهاتوویی جۆراوجۆر تێیاندا دەبینرێت، لەوانە، ناسینەوەی چەمکە زمانییەکان لەچوارچێوەی کەلتووری خۆماڵیدا، گەشەکردن و لێهاتوویی فەرهەنگی ئاوازی، بەرجەستەکردنی کردەی داهێنان و بیرکردنەوەی فراوان وجۆراوجۆر، ....هتد.

بەتێڕوانین و وردبوونەوە و تێگەیشتنمان لەو پێناسە و ڕوانگانەی سەرەوە، کە بۆ چەمکی زمانی دایك خرانەڕوو، دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان لەدیدو ڕەهەندی جیاوازەوە پێناسەی (زمانی دایك)یان کردووە، بۆ نموونە: هەندێکیان لە ڕەهەندی پەروەردەییەوە سەیریانکردووە، هەندێکی تریان لەڕەهەندی کەسێتی و هەندێکی تریشیان لە ڕەهەندی زمانەونییەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕەهەندە جیاوازیانەش، زۆربەی پێناسەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەیەکتر نزیکن و لەبنەماشدا هاوبەشن. بۆیە؛ کرۆکی پێناسەکان لەمانەی خوارەوە کۆدەبنەوە:

- زمانی دایك؛ یەکەمین زمانی منداڵە، کە وەریدەگرێت و فێری دەبێت.

- زمانی دایك؛ پێویستی بە (مامۆستا) نییە.

- زمانی دایك؛ بونیادی كەسێتی منداڵ بەرجەستە دەكات.

- زمانی دایك؛ كەلتووری خۆماڵی لەمێشكدا ئاراستە دەكات.

- زمانی دایك؛ ڕۆڵی هەیە لەفێركردنی زمانی دووەم و گەشەپێكردنی.

- زمانی دایك؛ هۆكاری پەیوەندیكردنی ژیری وكۆمەڵایەتییە.

- زمانی دایك: باشترین زمانی پەروەردەیە (فێربوون و فێركردن).

كەواتە؛ زمانی دایك: ئەو زمانەیە، كە منداڵ بەشێوەیەكی سروشتی و نائاگایانە (بەبێ ویستی خود)، لەدەوروبەری وەردەگرێت و فێری دەبێت، لەهەمان كاتیشدا بنەماو ڕێسا و پێكهاتە زمانییەكان لەفەرهەنگی ئاوەزیدا دەچەسپێت.

پەیوەست بەم توێژینەوەیە:چەمكی زمانی دایك؛ جگە لەڕەهەندە زمانییەكە، ڕەهەندی پەروەردەیی و كەسێتی و كەلتووری و...هتد هەیە، ئەو ڕەهەندانەش كاتێك بەرجەستە دەبن، كە منداڵ پەروەردە زمانییەكەی (فێربوون و فێركردن)ی بەزمانی دایك بێت، چونكە ئەگەر سەرەتاكانی خوێندنی لەنێو دامەزروە پەروەردەییەكان بەم زمانە بێت و بەزمانی دووەم پەروەردەبێ، ئەوا دەشێ لەداهاتوو، زمانی دووەم ببێتە زمانی جێگرەوە (زمانی یەكەم)، كەئەمەش مەترسی جۆراوجۆر دەهێنێتە كایەوە، وەكو مەترسی: (زمانی ، كەسێتی، دەروونی، كەلتووری،...هتد).

### (2-2) فێربوون و فێربوونی زمان:

### - پێناسەی فێربوون:

پرۆسەی فێربوون كردەیەكی ئاڵۆزو هەمەلایەنە، بریتییە لە: ((كردەیەكی ئەقڵی ئاڵۆز، ژمارەیەكی زۆر كردە و چالاكی و توانستی تر لەخۆدەگرێت، كە لەوەرگرتن و هەستپێكرنی ڕژێنەكان لەلایەن هەستەوەرەكانەوە دەستپێدەكات، دواتر گەیاندنیان بەمیشك و كۆگاكردن و لێكدانەوە و دركپێكردن و وەڵامدانەوە لەڕێگای ماسولكە و گلاندەكان كۆتایی دێت)) (قەرەچەتانی، 2009، ل 183). واتە؛ چەمكی فێربوون خۆی لە كردەی ئاوەزدا دەنوێنێ و پەیوەستە بە كۆمەڵێ توانست و چالاكی جۆراوجۆر، كەوادەكات گۆڕانكاری لەڕەفتاری تاك ڕوودات، ئەم گۆڕانەش بریتییە لە وەرگرتن و دانەوەی زانیاری، كە زمان ڕۆڵی سەرەكی تیایدا دەبینێ.

### - فێربوونی زمان:

بەگشتی مەبەست لە چەمكی فێربوونی زمان، بریتییە لەو كردەیەی، كە ((بەواتای كۆكردنەوەی كۆمەڵێك زانیاری پەیوەست بە سیستەمی زمانی یان یاسا تایبەتییەكانی ئەو زمانە

دێت)) (محەمەد و عەزیز، 2020، لا 210)، جا ئەو فێربوونەی زمانەش؛ دەشێ زمانی یەکەم، یان زمانی دووەم بێت.

**(2-3)زمانی دووەم (چەمك و ناساندن):**

**- چەمکی زمانی دووەم (Second Language)[4]:**

گۆڕانکاری تاك، یان فێرخواز لەهەربوارێکی ژیان خۆی لە کردەی (فێربوون و فێرکردن) دەبینێتەوە، ئەمەش بەئامانجی جێبەجێکردنی حەز و پێویستییەکانێتی، لەم ڕوانگەیەوە؛ یەکێك لەو هۆکارو کردانەی، کەدەیەوێ زیاتر پێویستییەکانی بەئامانج بگەیەنێت، فێربوونی زمانێکی ترە، دوای فێربوونی زمانی یەکەم، بەڵام فێربوونی ئەم زمانە (زمانی دووەم)[5]، نابێ لەسەر بنەمای زمانی دایك (زمانی یەکەم) بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە؛ زمانی دایك ڕۆڵ و گرنگی لە کردەی فێرکردنی زمانی دووەم دەبینی.

کاتێك فێرخواز لەدوای فێربوونی زمانی یەکەم، زمانێکی تر وەردەگرێت و فێری دەبێت، ئەوا پێی دەوترێت (زمانی دووەم)، کە مەبەست لێی: ((ئەو زمانەیە منداڵ پاش فێربوونی زمانی یەکەم فێری دەبێت، سەرچاوەی فێربوونی ئەم زمانە، یان ماڵ، یان قوتابخانە، یان کۆمەڵگایە، بۆ نموونە مرۆڤێکی چینی، زمانەکەی سەرەتا هەر چینییە، بەڵام ئەگەر کۆچ بکات بۆ ئەمریکا، فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، ئەوا زمانی دووەمی بۆ پەیدادەبێت، کە ئینگلیزییە، چونکە ئەم زمانە لەژیانی ڕۆژانەیدا بەکاردێت.)) (ئەحمەد و ، 2019، ل 369). یاخود زمانی دووەم؛ بریتییە لەو زمانەی ((مرۆڤ لەتەمەنێکی گەورەتر فێری دەبێت)). (سەعید، 2013، ل90).

پێویستە ئاماژە بەوڕاستییە بکەین، لێکۆڵینەوە و فێرکردنی زمانی دووەم تەنها لێکۆڵینەوەنییە لە چۆنیەتی و چەندێتی خودی زمانەکە، بەڵکو لەخۆیدا لێکۆڵینەوەیە لە کۆی هۆکاری زیادبوونی توانست و تواناکانی مرۆڤ لەسەر فێربوون و فێرکردن...... (محەمەد و عەزیز، 2020، ل202).

کەواتە؛ زمانی دووەم: بریتییە لەو زمانەی مرۆڤ (تاك، منداڵ، فێرخواز) لەتەمەنێکی گەورەتر، واتە؛ دوای زمانی یەکەم، وەریدەگرێت و فێری دەبێت، بنەماو سەرچاوەی ئەو زمانەش، بریتییە لە: (قوتابخانە، ئامێری زیرەك، ماڵ، کۆمەڵگا،...هتد)، گەشەکردن و بەردەوامبوونی ئەو زمانەش پەیوەستە بەکردارکردن و بەکارهێنانی لەژینگەی زمانی جیاواز وکاروباری ڕۆژانە و...هتد.

ئەم کردەی فێربوونی زمانی دووەمیش، بەگشتی بۆچەند هۆکرێك دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان:

- حەزوو ئارەزوو.

- پێویستی جۆراوجۆر.

- ئاشنابوون بەکەلتووری گەلان.

- دەستخستنی هەلی کاری زیاتر.

- دەستخستنی زانیاری زانستی زیاتر لەبواری زانستە مرۆیی و سروشتییەکان...هتد.

## (4-2) زمانی پەروەردە ( Educational Language):

زانستی زمانی پەروەردەیی؛ لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانەوانی کارەکی، کەلەئەنجامی ئەو پەیوەندییە پتەو تەواوکارەی، کەلەنێوان (زمان و پەروەردە) دەبینرێت، سەریهەڵدا، بەتایبەت ((لەگەڵ کار و لیکۆڵینەوەکانی (بێرناد سپۆلسکی)، لەساڵی (1970) دەستیپێکردووە، لەساڵی (1972)شدا بۆیەکەمجار ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە)) (عبدوڵلا، 2015، ل178).

ئەم زانستە (زمانی پەروەردە)، (بریتییە لە بنەمایی و بەرایی تیۆری زمانەوانی لەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا)) (حوسێن، 2021، ل19) واتە، بریتییە لەپراکتیزەکردنی زمان لەکردەی فێربوون و فێرکردندا. لەم ڕوانگەیەوە؛ (هالیدەی) پێی وایە، ئەم زانستە ئامانج و مەبەستی سەرەکی بریتییە لە شیکردنەوەی ئەوەی، کە منداڵان چۆن فێردەبن و فێردەکرێن؟ هەروەها پەروەردەکاران چۆن بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەن؟ (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل3).

کەواتە؛ پرۆسەی (فێربوون و فێرکردن) جێگەی دیاری زمان و پەروەردەیە، کەڕۆڵی گرنگیان لەگەیادنی زانیاری وئاڕاستەکردنی تاك هەیە (حوسێن، 2021، ل11).

زمان باشترین هۆکاری گەیاندن و پەیوەندیکردنە بۆ گواستنەوەی زانیاریی و چەمك و چالاکییە جۆروجۆرەکانی پۆل لەنێوان مامۆستایان و خوێنکاران، کە بەپێی زمانی پرۆگرام و زمانی فێرکاری، چەند جۆرێکی (پەروەردەی زمانی) دەبینرێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە (حەسەن، 2019، ل231):

### 1- پەروەردەی تاك زمانی (Monolingual Education):

مەبەست لە پەروەردەی تاك زمانی؛ بەکارهێنانی زمانێکی نەتەوەیی و فەرمییە لەپرۆسەی پەرووەردەوفێرکردندا لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا. بۆ نموونە: لەسیستەمی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لە خوێندنگە تایبەتییەکان، زمانی کوردی زمانی پرۆگرام و وانەوتنەوەیە.

### 2- پەروەردەی جووتزمانی (Bilingual Education):

ئەم جۆرە پەروەردەیە، بریتییە لە فێرکردنی خوێندنی دووزمان (زمانی دایك لەگەڵ زمانێکی بیانیدا) (ناهیدە، 2013، ل20). واتە؛ لێرەدا بابەتە فێرکارییەکان بەزمانی یەکەم و دووەم دەخوێندرێت، کەئەمەش پێچەوانەی (پەروەردەی تاك زمانی)یە.

## (5-2) قۆناغی بنەڕەتی:

ئەم قۆناغە (( ویستگەیەکی گرنگ و هەستیار و پڕبایەخی قوتابیانە، لەپۆلی (یەکەم تا نۆیەم) دەگرێتەوە، تێیدا بنەڕەتی پرۆسەی فێربوون فێردەکرێن، جۆری فێربوونی قوتابیان کاریگەری دەبێت

لە کاروانی زانستیان، هەر بۆیە پێویستە لەهەموو ڕوویەکەوە هەمیشە سەرنجی بدرێت (عبدوللا و عەزیز، 2020، ل164). ئەم قۆناغە لەئێستادا لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتایی، واتە؛ پۆلی (یەکەم تا شەشەم) بەمشێوەیە ناوی لێنراوە و پۆلێنکراوە:

- بازنەی یەکەم: بریتییە لە پۆلی (یەك تا سێ).

- بازنەی دووەم: بریتییە لە پۆلی (چوار تا شەشەم)،

ئەوەی لێرەدا سنووری توێژینەوەی ئێمە پێکدەهێنێت؛ (بازنەی یەکەم و دووەم)ی خوێندنە.

**(6-2) گرنگی خوێندن بەزمانی دایك لەقۆناغی بنەڕەتی:**

زمانی دایك؛ زمانی یەکەمی منداڵەو پێکهێنەری ناسنامەی کەلتووری کەسێتی منداڵە، منداڵ کاتێك زمانی دایکی دەبیستێت، ئاشنایەتی لەگەڵ وشەکان پەیدادەکات و ئاسانکاری گەیاندنی بۆ دەکات و دواتر بەهێما زمانییە ناسراوەکان دەبەستێتەوە، ئەمەش؛ دەبێت هۆکارێك بۆ فێربوونی ئەم زمانە لەگەڵ زمانەکانی تر.

دەزگای پەروەردەیی؛ بنیاتی خۆی لەسەر ئەو شارەزاییانە دەنێت، کە فێرخواز لەماڵەوە فێری بووە، بەتایبەتی زمان، چونکە فێرخواز پشت بەشارەزایی کۆمەڵایەتی و زانستییەکان دەبەستێت، کە هەندێکیان لەڕێی کەلتوورە ئاڕاستەدەکرێن. بۆیە لێرەدا دەزگای پەروەردەیی وەك قۆناغێکی سەرەتایی لەژیانی منداڵدا لەهەموو ڕەهەندێکەوە گرنگە، بەتایبەتی لەڕووی زمانەوە، کە زۆر هەستیارە، چونکە زمانەکە دەبێتە ناسنامە بۆی. لەم ڕوانگەیەوە، پسپۆڕانی پەروەردەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە زمانی دایك لەکۆمەڵگەیەکی فرەزمانی ڕێگا بۆ فێربوونی زمانی دووەم خۆشدەکات، لەکۆمەڵگای تاك زمانیشدا کارێکی زۆر پێویستە، بەتایبەت لەقۆناغی سەرەتاییدا (دزەیی و سلێڤانی، 2013، ل198)، لێرەدا پرسیارێکی زۆرگرنگ و هەستیار سەرهەڵدەدات، کە بریتییە لەوەی:

**- بۆچی گرنگە منداڵ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایك بێت؟**

سەرەتا دەبێت بزانین پرۆسەی فێرکردن لەقۆناغی سەرەتایی دوو ڕەهەندی سەرەکی هەیە:

1- پەروەردەیی و گەشەییە، کەئەمە پەیوەستە بە فێرکردنی منداڵ و پرۆسەی وەرگرتنی زمان.

2- کەلتووریی و ناسنامەییە، چونکە زمان بنەمایەکی گرنگە لە کەلتوور و ڕۆشنبیری و کۆگایەکە بۆ پارێزکاریکردنی.

جێبەجێکردن و بەخۆماڵیکردنی ئەم ڕەهەندانەی سەرەوەش لەژیانی منداڵ، بەتایبەت لەقۆناغی خوێندنی سەرەتایی بە زمانی دایك دەبێت. لەم دیدەوە؛ ڕێکخاوی (یونسکۆ)ی جیهانی دەڵێ: باشترین

زمان لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بریتییە لە زمانی دایك، هەروەها دەڵێت: ئەوەی زمانی دایك نەزانێت، نەخوێندەوارە (حەسەن، 2019، ل229).

کەواتە؛ خوێندن و فێرکردن بەزمانی دایك لەسەرەتاکانی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەژیانی منداڵ زۆر پێویستە، هۆکاری ئەم پێویستییەش بۆ ئەم ڕوانگە و ڕەهەندە جیاوازیانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**1- لەڕووی زمانییەوە:**

- کاتێك منداڵ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایك دەبێت، ئەوا پارێزگاری لەپێکهاتە و ڕێسای زمانی یەکەم دەکات، وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

- هەروەها گەشەکردنی لێهاتوویی (نووسین و خوێندن)ەوەی.

**2- بناغەیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم:**

زۆربەی توێژینەوەکان سەلماندوویانە؛ خوێندن بەزمانی دایك، هۆکاری فێربوونی زمانی دووەمە.

**3- لەڕووی مێشك و فەرهەنگی ئاوەزی:**

زمانی دایك تاکە هۆکارە، کە پێیەکی لەئاوازەی مرۆڤدایە و پێیەکی تریشی لەدەرەوەی مرۆڤدایە و ئامراز و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەز و جیهانی دەرەوەیە بەیەکترییەوە.

**4- لەڕووی دەروونییەوە:**

زمانی دایك هۆکارێکی باشە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز بەرامبەر دەوروپشت و یارمەتیدەرێکە بۆ گەیشتن بەهاوسەنگی دەروونی، جگەلەوەش سیستەمێکی هێمایی پڕاوپڕە بۆ (دەربڕین و تێگەیشتن).

**5- لەڕووی ناسنامە و کۆمەڵایەتییەوە:**

زمانی دایك دەبێتە ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر و هۆکاری بەستنەوەی تاکە بە کۆمەڵگە بەگشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی.

**6- لەڕووی پەوەردەییەوە:**

- باشترین و گرنگترین زمانە، کە بابەتە فێرکارییەکانی پێ بخوێندرێت.

- ئاخێوەرانی زمانی دایك لەڕێگەی زمانەکەیانەوە خێراتر فێردەبن بەبەراورد بەزمانێکی فێرکاری نەناسراو (حەسەن، 2019، ل229).

**7- لەڕووی توانای بیرکردنەوە و زانستی:**

پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لەخۆیدا ئامانجی پەرەپێدانی توانای فێربوون و وەرگرتنی زانیارییە لە منداڵدا، بەڵام خاڵی گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر منداڵ بەزمانی دایکی خوێند لەقۆناغی بنەڕەتیدا، ئاسانتر و باشتر دەتوانێ ڕای خۆی دەرببڕێت. لەم ڕوانگەیەوە؛ (نیشانتی) داکۆکی لەوەدەکات، کە خوێندنی زمانی دایك لەقۆناغەکانی بنەڕەتی، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێشخستنی بیرکردنەوە و توانای زانستی منداڵ دەبێت (زەڵمی، 2021، ل4).

**8- لەڕووی کەسێتی:**

خوێندنی زمانی دایك بونیادی کەسێتی منداڵ دروستدەکات، چونکە بونیادی کەسێتی وابەستەی کردەی فێربوونە، زمانی دایکیش سەرچاوە و یارمەتیدەر و هۆکاری ئەم کردەیەیە و بەبێ زمانی دایك ئەم کارە ئەستەمە بێتەدی، بۆیە لەتوێژینەوەکەی (پیاجە)، کەسەر بە قوتابخانەی دەرکپێکردنە، ئەم ڕاستییەی ڕوونکردۆتەوە، کە خوێندن بەزمانی دایك بەرجەستەکەر و بونیادی کەسێتییە (حوسێن، 2021، ل13).

**9- لەڕووی کەلتوور و فەرهەنگەوە:**

زمانی دایك ناسین و گواستنەوەی کەلتوور و ڕۆشنبیری گەلانە، هاوکات چەکێکی بەهێزیشە بۆ پارێزگاریکردنیان.

**(2-7) مەترسی و گرفتەکانی نەخوێندن بەزمانی دایك لەقۆناغی بنەڕەتی:**

پەراوێزخستن و نەخوێندنی زمانی دایك لەقۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و خوێندن بەزمانی دووەم، گرفت و ئارێشەی جیاواز دەهێنێتە کایەوە، بۆیە زۆربەی زاناکان پێیان وایە ئەم پرۆسەیە بۆ تەمەنی (9، 10، 11، 12)[6] ساڵی دوابخرێت، ئەمەش لەپێناو پاراستنی زمانی دایك، لێرەدا گرنگترین ئەو گرفتانە دەستنیشان دەکەین، کە لەم ڕوانگەیەوە دروستدەبێت:

**1- گرفت لەڕووی پێکهاتە و یاسای زمانی:**

- فێربوونی زمانی دووەم لەسەرەتادا لای منداڵ دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی دایك، چونکە والەمنداڵ دەکات جارێکی تر بەیاساکانی زمانەکەی خۆیدا بچێتەوە، بەڵام لەسەر بنەمای زمانی دووەم (عبدوڵڵا، 2015، ل181). بۆ نموونە: سیستەمی ڕیزبوونی ڕستەی کوردی بریتییە لە: (Sov)، بەڵام هی زمانی ئینگلیزی بریتییە لە: (Svo)، لێرەدا گێرانەی خوێندکار لەسیستەمی (Svo) بۆ (Sov)ی زمانی کوردی، منداڵ لەم قۆناغە هەستیارەدا دووچاری تێکەڵی و سەرلێشێواندن دەکات. بۆیە؛ کاتێك ڕستەیەکی وەکو: **I ate an apple -** ، زمانی یەکەم (ئینگلیزی)، کە دەیکاتە کوردی لە ئاخاوتندا: **- من خواردی سێو.** ، چونکە، دەگەڕێتەوە سەر یادگەی ڕێزمانی و نموونەی قالبی (Svo) بەدیدەکات، نەك (Sov). (ڕشید و عەزیز، 2018، ل13).

- هەروەها لێهاتوویی دەربڕین و دواتر نووسینی سیست دەبێت و، لەئەنجامدا بەزاندنی جۆرێتی پەروەردەیی و داهێنکاریی لیدەکەوێتەوە(حوسێن، 2016، ل68)، وەك ئەم نموونەی خوارەوە گوزارشتەکانی دەردەبڕێت:

**أ- کوڕەکە شویکرد. (قوتابی پۆلی سێی سەرەتایی)**

**ب- ئەو کچە ژنی هێنا.**

جگە لەوەش زۆرجار فێرخواز کۆدی زمانی یەکەمە و دووەم تیکەڵدەکات، بەمەش (تێکەڵکردنی زمان)ی دەهێنێتە کایەوە، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

**أ- ئەنکلی من تیچەرە. ← (مامی من مامۆستایە.)**

**ب- فڕایدەی ویدینگمان هەیە. ← (هەینی ئاهەنگمان هەیە.)**

- دیسانەوە لەڕووی (وشە و فەرهەنگ)ەوە، زیاتر ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانە دەردەبڕێت، کە بە زمانی دووەم وەریگرتوون و فێری بووە، چونکە لەم قۆناغە سەرەتاییەدا خوێندن بەزمان دایك نییە و بەزمانێکی ترە.

**2- گرفتی دەروونی:**

- سەلمێنراوە ئەو منداڵانەی بەزمانێك دەخوێنن و بەزمانێکی تر لەماڵەوە قسە دەکەن، لەناخیاندا لەڕووی دەروونییەوە لەناو خێزان و کۆمەڵەکەیدا، جۆرێك لە گۆشەگیری و نمۆیی و ناوازەیی تیایدا دەردەکەوێت.

هەروەها توێژینەوەکان دەریان خستووە ئاستی تێگەیشتن و بیر وروژاندنی خوێندکار زۆر لاواز دەبێت، کاتێك بەزمانی دایکیان ناخوێنن.

پشتگوێخستنی زمانی دایك کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ دروستدەکات، چونکە زمانی دایك، سەرچاوە و بنیاتنانی کەسێتی منداڵ و خوێندکارە.

**3- گرفتی کۆمەڵایەتی:**

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە؛ کاتێك زمانی منداڵ زمانی (دایك)ی لەقۆناغی سەرەتایی تێکدەشکێنین، ئەوا چەندین ئارێشەی جیاوز دێتە کایەوە، وەك:

- منداڵ توشی دابڕان و لێکترازان و بێزاری لە خوێندن و کۆمەڵگەش دەکات.

- هەروەها نایەکسانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و لەهەمان کاتیشدا ناگونجاوی لەهێز و دەسەڵات بەرهەمدەهێنێت.

- زۆربەی کات ناتوانن لەکۆمەڵدا دەربڕی لایەنی سۆزدارییان بن، وەك: سیستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سیستی ڕێزگرتن، سیستی پەیوەندیگرتن،...هتد، چونکە ژینگەی زمانی ئەم منداڵە لەدەرەوە بەبەراورد بە سیستەمی خوێندنی قوتابخانەکەی، کە زمانی ئینگلیزییە، جیاوازە.

**4- گرفتی پەروەردەیی و کەلتووری:**

- کاتێك منداڵ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایکی نەبێت و بەو زمانە پەروەردە و فیرنەکرێت، ئەوا لەگەڵیدا: کۆزانیاری و پەیوەندی وکەلتوور و لێهاتوویی و...، لاوازدەبێت، ئەمەش لەگەڵ ناوەڕۆك و کرۆکی پەروەردە و فێرکاریدا دژە.

- ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکان بەکەلتوور و دابونەریت وکۆمەڵگەی کوردەواری جۆشنادرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی بەکەلتوور و دابونەریت وزمان لە قوتابخانەدا.

- هەروەها دەبێتە هۆی دابەزاندنی جۆری پەروەردەیی و نزمبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی نەخوێندن.

- پەروەردە و فێرکردن بەزمانێکی تر، جگە لەزمانی دایك، والە خوێندکار دەکات، ئەو زمانە (زمانی دایك)، بەکەمبەها تەماشای بکات (حوسێن، 2016، ل70- 71)

**5- لەڕووی داهێنان و بیرکردنەوە:**

لەم ڕوانگەوە؛ شلایخەر (shlaykher) پێی وایە فێربوونی زمانی دووەم لەپێش زمان دایك، هەندێك منداڵ لە (داهێنان و بیرکردن)ەوە دوادەخات، ئەمەش دەبێتە ژاوەژێك و تیکەڵکردنی بیرەکان لای منداڵ و، سەرەنجام خنکاندنی زمانی دایکی لێدەکەوێتەوە (عبدوڵلا، 2015، ل181).

بەمجۆرە؛ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خوێندنی زمانی دایك لای منداڵ، لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییدا، توانست و داهێنان و بیرکردنەوە و کەسێتی...هتد، بەهێز دەکات، بەپێچەوانەوە بێ بەشبوونی منداڵ بەخوێندن بەزمانی دایك، ئەوا لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەك لەم وچەپارەدا ئاماژەی بۆ کرا.

**بەشی سێیەم: تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی دووەم:**

**(1-3) سەرەتا**

بێگومان ئاستی تەمەنی مرۆڤ لەهەر کردە و پیشەیەکدابێت، ئەوا تایبەتمەندی و کاریگەری خۆی دەبێت، بەتایبەتی لەپرۆسەی فێربوون وفێرکردنی زمان، کەخۆی لەکۆمەڵێ کردەی ئاڵۆز دەبینێتەوە.ئەوەی لەم وەچەپارەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە سیستەم و پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم لەچوارچێوەی تەمەندا، بەدیاریکراویش لەپرۆسەی پەروەردە و قۆناغەکانی خوێندنیدا. بۆیە لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە؛ ئایا چ تەمەنێك گونجاوە بۆ منداڵ لە وەرگرتن

و فێربوونی زمانی دووەم؟پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، پێویستە سروشتی تەمەن و کەسێتی منداڵ سەبارەت بە پرۆسەی کامڵبوونی توانستی زمانی یەکەمی بزانین.

**-(2-3) سروشتی منداڵی تەمەن (3-10)ساڵ:**

منداڵ لەتەمەنی هەشت مانگییەوە فێری دەنگ دەربڕین دەبێت و لەتەمەنی (12-14)مانگیشدا دەتوانێت چەند وشەیەك دەربڕێت، لەتەمەنی (4) ساڵیدا توانست و پێکهاتەی زمانی تەواو دەبێت، بەڵام کردەی زمان پژاندنی بەتەواوی لەتەمەنی (5)ساڵیدا کامل و پڕاوپڕدەبێت، بەمەش پێکهاتەی فەرهەنگی ئاوەزی دەخەملێت و کۆمەڵێ وشە لەکۆمەڵگە و گەنجینەی خەزن دەبێت، هەتا ئەم گەنجینەیە بەکارنەهێنرێت و ئەزموون نەکرێت، ئەوا ناتوانرێت خاوەنەکەی کۆ زانیاریی زمانی وەربگرێت (حوسێن، 2016، ل60). ئەم تەمەنە هەستیارەی منداڵ، بەتایبەت لەڕووی پێکهاتەی زمانی و فەرهەنگی ئاوەزی، ئەوەمان پێدەڵێت، کە منداڵ لەڕێی زمانی دایکییەوە دەتوانێت ئەزموونیان بکات و پەرە بەلایەنی کەلتوری و کەسێتی و رۆشنبیری،...هتد، بدات(سەعید، 2013،ل91). بۆیە؛ فێرکردنی زمانی دووەم لەپرۆسەی خوێندندا، لەم تەمەنە هەستیارەدا بەنەرێنی دانراوە، کە ئێستا زیاتر ڕوونیدەکەینەوە.

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، فێربوونی زمانی بیانی، یان زمانی دووەم سود و قازانجی خۆی هەیە، کە ناکرێ گومانی لێبکەین، بەڵام دەبێ بزانین لەچ تەمەنێکدا منداڵ فێری زمانی دووەم بن،چونکە فێربوونی زمانی دووەم لەڕاستیدا، فێربوونی ڕۆشنبیری و کەلتووری نەتەوەیەکی ترە، کە ئەستەمە کاریگەی لەسەر فێربوونی زمانەکە نەبێت. لەم بارەیەوە؛ زۆربەی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامدراون، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەمەنی (11-12)ساڵی باشترین تەمەنە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونکە فێربوونی زمانی دووەم لەتەمەنی بچووکدا کاریگەری خراپی لەسەر زمانی دەبێت، ئەمەش بۆئەوەیە بناغەی زمانەکەی (زمانی یەکەمی) تەواوبێت و پاشان لەسەر ئەو بناغەیە زمانی تر بنیات بنرێت. هەروەها هەندێ لە زانایانی بواری پەروەردە و فێرکردن وای بۆدەچن، کە باشتروایە لەدوای تەمەنی (9)ساڵی زمانی دووەم فێری منداڵان بکرێت (سەعید، 2013، ل90-91) لەم ڕوانگەیەوە؛ (یوهان ئامووس کۆمنیووس)، کە وەك باوکی پەروەردەی نوێ لەنیوەی دووەمی سەدەی زاینی ناسراوە، دەڵێ: منداڵ زمانی دایکی فێربکرێت، دەبێت تا تەمەنی (12) ساڵی پەروەردە بەزمانی دایکی بێت و لەتەمەنی (12)ساڵییەوە دەتوانین پەروەردە بەزمانەکانی تر دەستپێبکەین (باتنی، 1374، ل126).

هەروەها هەندێ لەدەروونناسان و پێیان وایە؛ (12)ساڵی تەمەنی منداڵ لەپەروەردە بەقۆناغی بەراورد دەناسرێت، بەم واتایەی، کە منداڵ تا تەمەنی (12)ساڵی زمان بۆ بەراورد لەگەڵ دەوروبەر بەکاردەبات و سیستەمی زەیینی منداڵ پێکدێت، بۆیە؛ زمانی دایك، یەکەم زمانە، کە دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر دروستبکات (باتنی، 1389، ل77).

**(3-3) نموونەی ئەو توێژینەوانەی، کەلەبارەی فێربوونی زمانی دووەم لەتەمەنی بچووکیدا ئەنجامدراون، بزانین چیمان پێدەڵێن:**

لەساڵی (1998) توێژینەوەیەك لەمیسر ئەنجامدراوە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەفێرکردنی زمانی دووەم لەقۆناغی بنەڕەتی، لەئەنجامدا: توێژینەوەکە ئەوەی بەدیارخستووە، کە باشترین و لەبارترین قۆناغی بنەڕەتییە، پاش ئەوەی منداڵ بەتەواوی فێری زمانی دایك دەبێت (سەعید، 2013، ل90).

هەروەها لەتوێژینەوەیەکی تردا، کەلەلایەن (هانسن-سترین) لەساڵی (1990)، کە لەسەر (4) منداڵی ئەمریکی ئەنجامیدا، کە تەمەنیان (3، 4، 7، 9) ساڵی بوو، بۆماوەی دوو ساڵ و نیو زمانی (یابان)یان خوێند و لەیابان نیشتەجێکران و دواتر دوو منداڵە گەورەکە چوونە قوتابخانەیەکی یابانی، لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت، کە چەند تەمەنی منداڵ (بچووکتر)بێت، ئەوا خیراتر زمانی دایك لەبیر دەکات لە ئامادەنەبوونی ژینگەی فێرکردن (دزەیی و سلێڤانەیی، 2013، ل199).

دیساوە توێژینەوەیەکی تر لەزانکۆی (ئۆکسفۆرد) لەسەر کاریگەری تەمەن لەسەر فێربوونی زمانی دووەم ئەنجامدرا، لەئەنجامدا، توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست، کە هەرچەندە تەمەنی منداڵ بچووك بێت، زمانی دووەم ئەوەندە کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك دەکات (سەعید، 2013، ل93).

دوای خستنەڕووی ئەو نموونانە، دەبینین لەزۆربەی وڵاتان فێرکردنی زمانی دووەم دواخراوە بۆ دوای تەمەنی (9)، یان (10)، یان (11)، یان (12) ساڵی.

بۆنموونە: لەوڵاتی بەریتانیا وەزیری فێرکردن بڕیارێکی دەرکرد بەدواخستنی فێرکردنی زمانی دووەم بۆ منداڵە ئینگلیزەکان تا تەمەنی یازدە ساڵی (سەعید، 2013، ل90)، ئەمەش لەپێناو پشتگوێ نەخستنی زمانی دایك و فێربوونی.

ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینین، چەندین باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی کراوەتەوە، کە سیستەمی خوێندنیان بەزمانی ئینگلیزییەو زمانی کوردی بەپلە دوو دێت، ئەمەش مەترسی لەسەر زمانی دایك دروستدەکات و بەرەو لاوازی و داخورانی دەکات، نموونە وتوێژینەوەکانی پێشوو لەم بارەیەوە، بەڵگەی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

**(4-3) کاریگەرییە نەرێنییەکانی خوێندنی زمانی دووەم لەتەمەنی بچووکیدا:**

لەئەنجامی ڕاستی ئەم توێژینەوانەی، کەلەبارەی فێربوونی زمانی دووەم لەتەمەنی بچووکیدا پێشتر خرانەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم تەمەنە بۆ فێربوونی زمانی دووەم گونجاونییە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە، گرنگترینیان:

- منداڵ لەو تەمەنە بچووکەدا ناتوانێ پێکهاتەی زمانی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم لەیەك کاتدا وەربگرێت، چونکە تێکەڵیان دەکات.

- پشتگوێخستن و لەبیرکردنی زمانی دایك.

- لەدەستدانی کەلتور و ناسنامەی نەتەوەیی، چونکە زمانی دایك بەشێکە لە کەلتور و ناسنامەی نەتەوەیی.

- لەدەستدانی بونیادی کەسێتی.

- جێگرەوەی زمانی دووەم وەك زمانی یەکەم.

کەواتە؛ باشترین و گونجاوترین تەمەن بۆ فێربوونی زمانی دووەم لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئەوەیە، کە منداڵی بەتەواوی فێری زمانی دایك بێت، واتە: لەتەمەنێکی گەورەتر زمانی دووەم بخوێنێت و فێربێت.

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتیین لەمانەی خوارەوە:

1- زمانی دووەم؛ ئەو زمانەیە فێرخواز لە تەمەنێکی گەورەتر وەریدەگرێت و فێری دەبێت، ئەمەش پێچەوانەی (زمانی دایك)ە، کەمنداڵ لە تەمەنێکی بچووکتر فێری دەبێت.
2- باشترین و گونجاوترین تەمەن بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بریتییە لە: تەمەنی (9 ، 10 ، 11 ، 12) ساڵی، ئەمەش لەلای زۆر زمانەوانان و زانایان پشتڕاستکراوەتەوە.
3- زمانی دایك؛ بونیادو یارمەتیدەرێکی باشە بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم.
4- دەبێت منداڵ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایك بێت، چونکە ناسنامەو کەسێتی منداڵی لێ بونیاد دەنرێت.
5- پەراوێزخستن و نەخوێندنی زمانی دایك لە قۆناغی سەرتایی لەژیانی منداڵ و خوێندنی زمانی دووەم لەتەمەنی بچووکیدا، چەند کێشەو گرفتی جیاواز دەهێنێتە کاوە، لەوانە: (گرفتی زمانی، کەسێتی، کۆمەڵایەتی، دەروونی).

## پەراوێزەکان :

(1) بەگوێرەی ئیڤان ئیلیچ (ivanilich)؛ ئەم دەستەواژەیە سەرەتا لەلایەن قەشەکانی کاسۆلیك بەکارهاتووە، ئەمەش وەك ئاماژەیەك، کە بۆ زمانێکی دیاریکراو بەکاریان هێناوە، جگە لەزمانی لاتینی (ivan, 1987, p24).

(2) لەزمانی ئینگلیزیدا، جگەلە زاراوەی (Mother Language)، چەند زاراوەیەکی تریشی بۆ بەکاردێت، لەوانە: (زمانی یەکەم –First Language)، (زمانی ڕەسەن- Native Language)، (زمانی نیۆلانك- Gradle Language). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ- (ناوخۆش، 2013، ل125).

ب- (Long M.H.,1996, P70).

(3)- ئێمە لەم تویژینەوەدا؛ زاراوەی (زمانی دایك)مان بەبەراورد بەزاراوەکانی تر پێ گونجاوترە، چونکە دایك نزیکترین کەسە لە کۆرپەوە، بەپلەی یەکەم کاریگەری لەسەر دروستدەکات، منداڵیش بەپلەی یەك پەیوەندی لەگەڵ (دایك، دایەن)دا هەیە، ئەو زمانە کەلەماڵەوە فێری دەبێت، زیاتر لەدایکییەوە دەیبیستێ، دواتر دەوروبەر و کەسانی تر (خەلیل، 2013، ل20).

(4)- جگە لەزاراوەی دووەم، هەندێجار زمانی بێگانە، یان زمانی یاریدەدەریشی پێدەگوترێت (حەمەدەمین، 2017، ل6).

(5)- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فێربوونی زمانی دووەم بروانە:

أ- ئاسۆ عبدالرحمن کریم(2019)، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەي دکتۆرا ، کۆلیذي زمان، زانکۆي سلێمانی.

ب- دڵنیا نوری عبدالله (2015)، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم( خوێندنی بنەڕەتی بەنموونە)، نامەی ماستەر، کولێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

(6)- بڕوانە: مهاباد کامل عبدوڵلا، (2015)، ل19.

## سەرچاوەکان :

### أ - بەزمانی کوردی :


- حوسێن ، شیلان عومەر ، (٢٠١٦) ، داخورانی زمانی دایک ، بنەماو پەسەندکردن ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ (١٥٠) ، بەشی (B) سلێمانی .

- حوسێن ، شیلان عومەر (٢٠٢١) ، زانستی زمانی کارەکی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پیرەمێرد ، سلێمانی.

- عبدوڵلا ، ئاریا یاسین و عەزیز ، کەریم ئەحمەد (٢٠٢٠) ، ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی فەرمی لای مامۆستایانی زمانی کوردی ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژ (١٠) ، گەرمیان .

**-** عبدوڵلا ، مهاباد کامل (٢٠١٥) ، زمانی دایک له سیستەمی پەروەردە ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژ(٥) ، ڕاپەڕین.

- موکریانی، گیوی (٢٠١٨)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- موکریانی، هەژار (١٣٩١)، فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە، چاپی هەشتەم، تەهران.

- حەمە دەمەین ، بەختیار نوری (٢٠١٧) ، کاریگەری ڕستەسازی کوردی لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر .

- سەعید، یوسف شەریف (٢٠١٣) ، فێرکردنی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە ، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

**-** مستەفا ، نەزیر سابیر (٢٠٢١) ، پراگماتیک و شێوازگەری، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

**-** ناوخۆش ، سەلام (٢٠١٤) ، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

**-** دزەیی ، عبدولواحید موشیر و علی ، شێرزاد سەبری (٢٠١٣)، زمانەوانی سیاسی، چاپی یەکەم ، هەولێر.

**-** حوسێن ، ئەیوب ڕەشید (٢٠٢١) ، هەڵسەنگاندنێکی زمانەوانی پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لەبازنەی یەکەمدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر.

**-** محمد ، شادان حەمەدەمین و عەزیز ، عومەر ئەحمەد (٢٠٢٠) ، ئاستەنگییە سینتاکسیەکانی فێربونی زمانی دووەم لای ئاخێوەری کورد ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژ (١٠) ، گەرمیان.

**-** حەسەن ، هەژار خداداد (٢٠١٩) ، تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی ( زانست و بیرکاری ) بە زمانی ئینگلیزی ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ،ژ (9) ، گەرمیان.

**-** شێخولئیسلامی ، جەعفەر (٢٧٢١) ، وتوێژ لەگەڵ جەعفەر شێخولئیسلامی ، گۆڤاری تیشک ، ژ (22)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**-** قادر ، سەباح ڕەشید و پەتی ، عومەر (٢٠١٨) ، زمانی دایک و بواری پەروەردەیی ، گۆڤاری ژیار ، ژ (٢٨) ، هەولێر.

**-** خەلیل ، ناهیدە ڕەحمان ، (٢٠١٣) زمانپژاندن و دیاردە سایکۆفۆنۆلۆژیەکانی زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، سکوڵی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.

**-** فەتاح ، محمد مەعروف (٢٠١٠) ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر.

**-** قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (٢٠٠٩) ، سایکۆلۆژیای گەشە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

ـ الخولي، محمد علي (١٩٩٨)، دراسات لغوية، دار الفلاح للنشر و التوزيع، عمان - اردن.

ـ الكفوي، ايوب بن موسى الحوسيني (١٠٩٤)، كتاب الكليات، محجع في المصطلحات والفروف للعوية، القسم الاول، قاهرة.

**پ- بە ئینگلیزی**:

- Jack. Richards,(1993), Longman Dictionary) .
- Oxford Dictionary,(2007), 8th Ed .

**ت- بە فارسی:**

- باطنی، محمد رضا (1374)، زبان و فکر، نشر فرهنگ محاصر، تهران.
- باطنی محمد رضا (١٣٨٩)، زبان شناسی، همبشتگی زیان و احتماع، مجله بخارا، شماه(٦٤)، آذاواسفند ١٣٨٦.

**ث- پێگەی ئەلیکترۆنی:**

-زمانی دایک وەک هەوێتی و وەک ژیان، (٢٠٢١/٨/٣١)

https:// kurdistankurd/?P=40770

-مؤمین زەڵمی، (دکتۆرا لە سیاسەتی زمان)، شار پرێسس.

https:// W.W.W.Sharpress.net/all-detail.aspx?jimal=79245

**Sources:**

**A) In Kurdish:**

-Hussein, Shilan Omar, (2016), Closure of
Mother Tongue, Principles and Approval, Journal of Sulaimani University, No. (150), Part (B) Sulaimani.

**-** Hussein, Shilan Omar (2021), Science of Working Language, First Edition, Piramird Printing House, Sulaimani.

**-** Abdullah, Aria Yasin and Aziz, Karim Ahmad (2020), Level of use of official Kurdish language among Kurdish language teachers, Garmian University Journal, No. (10), Garmian.

**-** Abdullah, Mahabad Kamil (2015), Mother Tongue in Education System, Journal of Raperin University, No. (5), Raperin.

- Mukriani, Giwi (2018), Kurdistan Dictionary, Second Edition, Awer Printing House, Erbil.

- Mukriani, Hazhar (2012), Farhangi Hambanaborine, Eighth Edition, Tehran.

- Hama Damain, Bakhtiar Nuri (2017), The Impact of Kurdish Syntax on Learning English, Master's Thesis, College of Language, Salahaddin University, Erbil.

- Saeed, Yousef Sharif (2013), Teaching Mother Tongue and National Identity, Commemorating World Mother Language Day, First Edition, Haji Hashim Printing House, Erbil.

**-** Mustafa, Nazir Sabir (2021), Pragmatics and Methodology, first edition, Awer Printing House, Erbil.

**-** Nawkhosh, Salam (2014), Nawkhosh Linguistic Dictionary, First Edition, Hevi Printing House, Erbil.

**-** Dzeyi, Abdulwahid Moshir and Ali, Sherzad Sabri (2013), Political Linguistics, 1st Edition, Erbil.

**-** Hussein, Ayub Rashid (2021), Linguistic Evaluation of Kurdish Education Programs in the First Cycle, Master's Thesis, College of Education, Salahaddin University, Erbil.

**-**Mohammed, Shadan Hamademin and Aziz, Omar Ahmad (2020), Syntactic difficulties of learning a second language among Kurdish speakers, Journal of Garmian University, No. (10), Garmian.

**-** Hassan, Hazhar Khodadad (2019), Primary teachers' views on teaching subjects (science and mathematics) in English, Garmian University Journal, No. (9), Garmian.

**-** Sheikholeslami, Jaafar (2721), Interview with Jaafar Sheikholeslami, Tişk Magazine, No. (22), East Kurdistan.

**-** Qadir, Sabah Rashid and Pati, Omar (2018), Mother Tongue and Education, Zhyar Magazine, No. (28), Erbil.

**-** Khalil, Nahidah Rahman, (2013) Linguistics and Psychophonological Phenomena of Kurdish Language, Master's Thesis, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani.

**-** Fatah, Mohammed Ma'roof (2010), Linguistic Research, First Edition, Mukriyan Printing House, Erbil.

**-** Karachetani, Karim Sharif (2009), Psychology of Development, First Edition, Paywand Printing House, Sulaimani.

**b) In Arabic:**

- Al-Khuli, Mohammed Ali (1998), Linguistic Studies, Dar Al-Falah Publishing and Distribution, Oman-Jordan.

- Al-Kafwi, Ayyub ibn Musa al-Husseini (1094), Kitab al-Kliyat, Mahja' in the terms and phrases of al-Awiyya, first part, Cairo.

**Q. In English:**
- Jack. Richards,(1993), Longman Dictionary) .
- Oxford Dictionary,(2007), 8th Ed

**T- In Persian :**
- Batni, Mohammad Reza (1995), Language and Thought, Farhang Mohaser Publishing House, Tehran.
- Batni Mohammad Reza (2010), Linguistics, Harmony of Harm and Potential, Bukhara Magazine, Shamaa (64), Azawasfand

**D. Website:**
- Mother tongue as life, (31/8/2021)
https:// kurdistankurd/?P=4
- Momin Zalmi, (PhD in Language Policy), Shar Press.
https:// W.W.W.Sharpress.net/all-detail.aspx?jimal=7